**دەنگەکان** : رۆژنامەگەریی کوردی لە پاش راپەرینەوە تا ئێستا لە دەرەوەی مەوعیزە و گوتارە سیاسییەکان خاوەنی چ پرۆژەیەک بوونە سەبارەت بە ئەنفال، هاوکاتیش رۆژنامەگەریی کوردی دەکرێ خاوەنی چ پرۆژە و ئاسۆیەک بێت لەو بارەوە ؟

**نیهاد جامی:**



## کاریگەریەکانی ئەنفال لەئەمرۆدا هەموو کەسێک دەیبینێت، جگە لە رۆژنامەگەری کوردی

سەرەتا پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، پێم خۆشە لەسەر رۆژنامەگەری کوردی بوەستین، چەند رۆژێکیتر رۆژنامەگەری کوردی سالیادی تێپەرینی سەدەیەك زیاتری خۆی دەکاتەوە، ئەوە هەرگیز مایەی خۆشحاڵی نیە وەك رۆژنامەنووسان تێی گەیشتوون، بەڵکو مایەی نائومێدیەکی گەورەیە، دیارە ئەزمونی پاش راپەرین ئەزمونی رۆژنامەی حزبە، ئەزمونێك ناتوانێ لەدەرەوەی ئەو بازنەیەی بۆی کێشراوە ئازادی بێت، هەمیشە یادەکانی حزب بۆ رۆژنامەگەری کوردی بە پیرۆزتر سەیر کراوە لەتراژیدیا گەورەکانی نەتەوە، بۆیە سەیر نیە یادی حزب بۆ رۆژنامەگەری کوردی یادێکی پربایەختر بێت لە ساڵیادی ئەنفال، ئەنفال رووداوێکە تیایدا بۆ چالاکیەکی حزبی کورت دەکرێتەوە، ئەو رووداوە بۆ مانەوەو بوونی خۆی درێژ دەکاتەوە، ئەوە رۆژنامە نووسە کاسە لێسەکانن ئەو کارە ئەنجام دەدەن بەدرووشم و پەخشانەکانیان رۆژنامە و رادیۆ تەلەڤزیۆنەکانیان دەرازێننەوە، رۆژنامەگەری کوردی ئەمرۆ بەهۆی زمانی پەخشان نووسین دەسبەرداری خوێندنەوەی قووڵ بووە، لەویشەوە لەبری رەخنە ستایش و جنێو ئیش دەکەن، ئەوەندە بەس نیە کە لە سالیادی ئەنفالدا وێنە و دیکۆمێنتەکان نیشانی کۆمەڵگا بدرێتەوە کە دیارە نیشاندانەوەی دڵسۆزی نیە بە ئەنفالەکان هێندەی خۆشوبهاندنیانە بەوەی ئەوان چ دەسەڵاتێکی پەریزادەن کە ئەنفالمان ناکەن، دیارە لەو نێوەندە زۆرترین ئەو هەوڵانەش کە لەو بوارە ئەنجام دراوە هەوڵی دیکۆمێنتین بەمانای ئێمە خوێندنەوەیەکمان نیە لێکۆلینەوەیەکمان نیە بۆ ئەو تراژیدیایە. لێرەشەوە پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین گەر هەندێك ووتار و کورتە خوێندنەوە لە رۆژنامە ناحزبیەکان کرا بێت ئەوە بۆ هەوڵی چەند نوسەرێك دەگەرێتەوە نەك بۆ رۆژنامەکان ئەوانی لە رۆژنامەکان کار دەکەن ئەو نوسەرانە نین توانای نوسینی ئەوبابەتانەیان هەبێت تۆ تەنیا دوو جنێو بدە گەر نەکرێیتە سەرنوسەری رۆژنامەیەکیش خۆ وەك سەرەتا دەبیتە دەستەی نوسەران، بۆ ئەوەی ئەو دۆخە ترسناك و هەرەشە ئامێزە بگۆرین پێویستمان بەوەیە رۆژنامەگەری کوردی واز لەو ستایشکاریە بێنێت و خوێندنەوەی رەخنەیی ئەنجام بدات دەرگا بۆ بۆچونە جیاوازەکان ئاوەڵا بکات لەروانگەی زانیستەکانی وەکو کۆمەڵناسی کاریگەری ئەو رووداوە لەسەر ئێستای ئێمە دەست نیشان بکات، زمانی پەخشان و جنێو بکاتە دەرەوەو رەخنەو جیاوازی قبوول بکات نوسەرانی سەربەخۆ بەدوژمنی خۆی نەبینێت، تەنیا بەتاوانبارکردنی بەعس ئەو رووداوە لەکۆڵ خۆی نەکاتەوە، هەڵبەتە لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەو بۆچوونە خێرایانە بکەین کە هەندێکجار لەرۆژنامە حزبیە جیاوازەکان ئەنفال یا بۆ ئەنفالی ئیسلام دەگەرێننەوە یا ئەنفال بۆناوبردنی بەعس بە علمانی لەرووی مەنهەجیەوە ئەو دوو ناونانە هەردووکیان هەڵەن، ئێمە سەرەتا بۆ ئەوەی بتوانین قسە لەئەنفال بکەین واچاکترە بەر لەوەی بەرامبەرەکانمان گوناهبار بکەین با خۆمان بخەینە ژێر رەخنەوە، هەوڵ بدەین لەدەرەوەی مۆدێرنە و ئیسلامەوە سەیری ئەنفال بکەین

**بۆ کارێکی ئاواش پێویستمان بەوەیە بۆ نوسینەکانی میشێل عەفلەق بگەڕێینەوە، چونکە نوسینەکانی ئەو زەمینە و بنەمایەکن بۆ خوڵقاندنی ئەنفال، چونکە ئەوە تێگەیشتنێکی عەفلەقیە ئەنفال دەخولقێنێت سەددام حوسێن جگە لە جێبەجێکارێکی تێڕوانینی عەفلەق شتێکیتر نیە بۆیە دەتوانین لەڕێگەی خوێندنەوەمان بۆ عەفلەق بەعس بناسین لەناسینمان بۆ بەعس گەڕانەوە بۆسەر ڕەچەڵەکی ئەو تاوانە باشتر دەتوانیٚ دەرەنجامی قووڵ و مەنهەجیمان لەو بارەیە پیٚ ببەخشێت ئێمە پێویستیەکی زۆرمان بەوە هەیە لەڕێگەی تیۆر و میتۆدەوە لە ئەنفال نزیك بکەوینەوە ڕۆژنامەگەری کوردی دەتوانیٚ دەست پێشخەری بکات و ئەو دەرگایە بکاتەوە، چ لەرێگای لێکۆڵینەوە یا سازدانی مێزگرد و ریپۆرتاژ و فیلمی دیکۆمێنتی، بەلاٚم نەك بە مەبەستی گێرانەوەی کرنۆلۆژی بۆ ئەنفال، بەڵکو بۆ کاریگەریە قووڵەکانی ئەمرۆی لەناو کۆمەڵگادا چونکە ئەنفال بەتەنیا لەناو مێژوو ئیش ناکات کاریگەریەکانی زۆر بە سەختی دەرکەوتووە بەداخەوە کاریگەریەکانی لەئەمرۆدا هەموو کەسێك دەیبینێت تەنیا ڕۆژنامەگەری کوردیە نایبینێت، نازانم بۆ؟**